Kurdish Sorani

1) ئێمە لەگەڵ هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتی، پەستکردن وە بێزارکردندا بە جۆرێك ڕەفتار دەکەین کە دانیشتوان لە ژینگەیەکی ئاسوودەدا بژین. ئێمە تیمی دژە هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتی و چەسپاندنی یاسامان هەیە و بە (هازبێت) ناسراوە. ئەم تیمە پشتگیریی قوربانیان دەکات وە بەرەو ڕووی ئەو کەسانە دەوەستێتەوە کە کێشە درووست دەکەن بۆ هاوسێکانیان.

2) هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتیانە ئەمانە دەگرێتەوە؛ هەڕەشەکردن، گلەیی هاوسێیەکان، میوزیک بە دەنگی بەرز وە ناڕێک کردنی باخچەکان.

3) چی ڕوو دەدات کاتێك شکات بکەیت لەبارەی هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتیەوە؟ یەکەمجار ئۆفیسی نیشتەجێکردنی ناوچەکاتان لە کێشەکەتان دەکۆڵێتەوە. ئەگەر کێشەکە گەورە بێت ئەوا ئۆفیسی نیشتەجێکردنی ناوچەکاتان کەیسەکە دەگەیەنێتە (هازبێت).

4) بە گوێرەی گەورەیی هەڵسوکەوتە ناکۆمەڵایەتیەکە، ئێمە یان لە رۆژی داهاتوودا یان لە ماوەی پێنج ڕۆژ یاخود لە ماوەی دە ڕۆژی کاردا لە کێشەکە دەکۆڵینەوە.

5) ئێمە بە بەردەوامی پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئەوەی پێت ڕابگەیەنین کە چۆن کار  لە کێشەکەتدا دەکەین. ئێمە کێشەکەت بە نهێنی دەهێڵینەوە وە لەگەڵ ئەو دامەزراوانەشدا کار دەکەین کە لە دژی هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتیدا کاردەکەن.

6) هەروەها ئێمە کارمەندی پشتگیری قوربانیانمان هەیە. کارمەندی پشتگیری یارمەتیی خەڵك دەکات کاتێك هەڵسوکەوتە ناکۆمەڵایەتیەکە لە لێکۆڵینەوەدایە وە پاش تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکەش.

7) ئەگەر ناتەوێت لە دادگادا شایەتیی بدەیت ئەوا ئێمە هەوڵ دەدەین شایەتیی کەسانی تر بەکاربهێنین، وەک کارمەندی نیشتەجێکردن وە یان پاسەوانانی جادە.

8) چۆن راپۆرت لە هەڵسوکەوتی ناکۆمەڵایەتی دەدەیت؟ بچۆ بۆ لای هەرکامێک لە کارمەندەکانی نیشتەجێکردن، وە یان هەرکامێک لە سەنتەرەکانی خزمەتگوزاریی کڕیاران لە شارەوانیی شاری نیووکاسڵ، وە دەتوانیت تەلەفون بکەیت بۆ (هازبێت) لە کاتی دەوامدا.